گەورەیی پاداشت لە گەڵ گەورەیی بەڵایە (تاقیکردنەوەیە)، وخوای گەورە ئەگەر کەسانێکی خۆش بوێت تاقییان دەکاتەوە ئەوەی ڕازی بێت ئەوا ڕازی بوون هەیە لە سەری (لە لایەن خوداوە)، وئەوەی تووڕە بێت وناڕازی بێت ئەوا تووڕە بوون وناڕازی بوون هەیە لە سەری (لە لایەن خوداوە

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «گەورەیی پاداشت لە گەڵ گەورەیی بەڵایە (تاقیکردنەوەیە)، وخوای گەورە ئەگەر کەسانێکی خۆش بوێت تاقییان دەکاتەوە ئەوەی ڕازی بێت ئەوا ڕازی بوون هەیە لە سەری (لە لایەن خوداوە)، وئەوەی تووڕە بێت وناڕازی بێت ئەوا تووڕە بوون وناڕازی بوون هەیە لە سەری (لە لایەن خوداوە)».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵمان پێدەدات لەم فەرمووەیەدا کە ئیماندار تووشی هەندێک لە بەڵا وناخۆشیەکان دەبێت لە نەفسی خۆی ومااڵی وجگە لەمانەش، وخوای گەورە پاداشتی دەداتەوە لە سەر ئەو ناخۆشیانەی کە بەسەریدا هاتووە ئەگەر ئارام وسەبر بگرێت، هەرچەندە بەڵا وکارەساتەکە گەورەتر بێت ئەوا پاداشتەکە گەورەترە لە لایەن خوداوە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی کردەوە کە بەڵا وناخۆشیەکان نیشانەی خۆشەویستی خودایە بۆ ئیماندار، وقەزا وقەدەری خوای گەورە ڕووەدەن وخۆی لێ لادانیان مەحاڵە، بەڵام ئەوەی ئارام بگرێت وڕازی بێت، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە بەوەی کە ڕازی دەبێت لەو بەندەیەی وئەمەش باشترین پاداشتە، وئەوەی تووڕە وبێزار بێت وڕقی لە قەزا وقەدەری خودا بێت ئەوا خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت وئەم تووڕەبوونەی خودا خراپترین سزایە بۆ ئەو بەندەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3339